FOR IMMEDIATE RELEASE
للإصدار الفوري
لێدوانی رۆژنامەوانی

الأمم المتحدة – العراق
United Nations Iraq

## نەتەوە یەکگرتووەکان دەستخۆشی لە پاڵپشتی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق دەکات بۆ جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی

بەغدا، عیراق، ٦ ئایاری ٢٠١٩ – نەتەوە یەکگرتووەکان دەستخۆشی لە پاڵپشتی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق دەکات بۆ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کە مافە یاساییەکانی هەموو قوربانیانی توندوتیژی خێزانی دەپارێزێت و دەبێتە هۆی ڕێگەگرتن بەو تاوانە و نەهێشتنی دڵەدانی تاوانکاران. داوا لە یاسادانەران کرا کە یاسایەکە بە پێی دەستوری عیراق دابڕێژن.

لەژێر چاودێری و بە ئامادەبوونی بەڕێز بەرهەم ساڵح، سەرۆک کۆماری عیراق، لە بەرواری ٥ی ئایاری ٢٠١٩دا کۆبوونەوەیەکی پشتگیری لە ئەنجومەنی نوێنەران لە کۆشکی کۆماری لەگەڵ کاربەدەستان ئەنجامدرا لەسەر پێویستی و گرنگیی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی. هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا، خاتو سەرباخ ساڵح، خانمی یەکەمی عیراق، و د. بەشیر حەداد، جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، و د. ئیبتیسام عەزیز، بەڕێوەبەری گشتی بەشی بەتواناکردنی ئافرەتان لە سکرتاریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران، و بەڕێز جۆن ویلکس، باڵوێزی بەریتانیا لە عیراق بە نوێنەرایەتی کۆمەڵگای کۆمەکبەخش، و دیپلۆماتکار و کاربەدەستانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەبوون.

لە میانەی وتەیەکیدا بۆ ئامادەبووان، خاتو جینین هێنیس-پلاسخارت، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق، دەستخۆشی لە دەسەڵاتدارانی حکومەت کرد بۆ پشتگیریکردن لە یاساکە و بۆ ئەنجامدانی ڕاوێژ بە مەبەستی پتەوکردنی بابەتەکە بە بەشدارپێکردنی بیروبۆچوونی زۆرترین لایەن.

خاتو هێنیس-پلاسخارت وتی: "ئێمە پشتگیری لە یاساکە دەکەین کە لەگەڵ بنەما و ستاندەرە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ یەکدەگرێتەوە و هاوتەریبە لەگەڵ دەستوری عیراقی کە هەموو جۆرە توندوتیژییەک و خراپەکارییەک لە نێو خێزان قەدەغە دەکات." ئەو خاتونە ئاماژەی بەوەکرد کە نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەیە بۆ دابینکردنی یارمەتی تەکنیکی بۆ ڕەشنوسی یاسایەک بە پێی دەستووری عیراقی کە هەموو بەرکەوتەکان بپارێزێت.

****

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە بەرپرسی نوسینگەی راگەیاندن و تەبێژی (یونامی) بەڕێز سەمیر غەتاس بە ئیمێلی ghattass@un.org
یان unami-information@un.org یانیش بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٠٩٦٤٧٩٠١٩٣١٢٨١